کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-10-2007 1:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عێراق دابەش ناکرێت ... دڵزارحەسەن



بەپێی زۆرێك راپۆرت و لێدوانی بەرپرسانی دنیا و سیاسەتمەداران ئاییندەی عێراق لە لیواری دابەشبوون نزیل بۆتەوە، دواین پێشنیاریش سەبارەت بە چارەنووسی ئەو پرسە ئاڵۆزە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە بۆ هەمان مەبەست خرایە بەر باس و لێدوان. کاربەدەست و هێز و لایەنە عێراقیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی تا ئێستا بە هەناسەی یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە دەنوارِنە ئاییندەی ئەو خاکە و بە شێوە کلاسیکیەکەی خوێندنەوەی بۆ دەکەن و بە بێ بەرنامەش داکۆکی لێدەکەن، پێیان وایە عێراق عێراقی عەرەبییە و هەر پرۆژە و پێشنیارێکیش بۆ شکاندنی ئەو خاکە موحەدە دواجار سەروەری ئەو پیرۆزیە تێك دەشکێنێت کە مێژووی سیاسی عێراق بەرهەمی هێناوە. لەلایەکی دیکەوە بەشێك لە دەسەڵاتدارانی شیعە لە باشوور هەمیشە خەون بەو رۆژەوە دەبینن کە عێراق بە سی پارچەییەوە دەرکەوێت، بێگومان دەرکەوتنی عێراق بەو شێوەیە بۆ شیعەکان سەروەریەکی دیکەیە بۆ زاڵبوونیان بەسەر ناوچە پیرۆزەکان. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دابەشبوونی عێراق، سوونەکان دەخاتە قۆناغێکی دیکەی بە پەراوێزکردنەوە کە بۆ هەمیشە پەیوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی لەگەڵ ناوچەکە دەپچڕێنێت. ئەم گریمانانە وای لە بەشێك لەو هزریە کلاسیکیە عەرەبیە کردووە کە بەردەوام بە گومانەوە سەیری ئەو هەڵوێستانە بکات کە لە دەرەوە دەرهەق بە ناوخۆی عێراق دەندرێت، بەرپرسە دیارەکانی نێو ئەو پرۆسە سیاسیەش جیاوازتر لەوەی کە هەیە خوێندنەوە بۆ دەرهاویشتەکانی ئەو پرۆژەیە دەکەن و لەگەڵ ئەوەدا بە کارێکی دژ بە دستووری عێراقی دانانێن. سەرۆك تاڵەبانی لە دوایین لێدوانیدا بە شێوەیەکی گەشبینانە سەیری ئەو پێشنیارەی کۆنگرێس دەکات، پەرلەمانی عێراقیش بە دەستێوەردان لە ناوخۆی عێراق وەسفی پرۆژەکە دەکەن. وڵاتانی دراوسی بە تایبەتی دەوڵەتی تورکیا هەر هەنگاوێك بۆ دابەشکردنی عێراق بە بەرژەوەندی کورد لێکی دەداتەوە و بۆیە هەمیشە نەیاری ئەو پرۆژانەیە کە عێراق بەرە و دابەشبوون دەبات، دەسەڵاتدارانی ئێران تا ئێستا ترسیان لەوە هەیە کە ئەمریکا بۆ نزیك بوونەوەی لە ئان و ساتی لێدانی وڵاتەکەیان عێراق بەرە و ئەو چارەنووسە دەبات. رەنگە ئەمریکایەکانیش دوای ئەو ئەزموونە تاڵەی لەم چەند ساڵەی لە عێراق بەدەستیان هێناوە هاتبنە سەر ئەو قەناعەتەی کە بیر لە گۆڕینی کلێشەی ئەو عێراقە بکەنەوە، لە یەکپارچەییەوە بۆ سی پارچەیی. هەڵبەتە سیناریۆکانی نێو ئەو جۆرە پرۆژانە سەرنجی دەسەڵاتدارانی کوردی بۆ لای ئەوە راکێشاوە کە هەمیشە لایەنگری ئەو بۆ چوونە بن کە عێراق بەرە و دابەشبوون دەبات، پێشوازیەکەی سەرۆکی هەرێم لە پێشنیارەکەی کۆنگرێس جارێکی دیکە هاوسۆزی کورد و ئەمریکایەکانی بۆ ئاراستەکردنی عێراق قوڵترکردەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە روئیای سیاسی و ئابووریانەی کورد هێندە رووی لە رۆژئاوا و ئەمریکایە هێندە چارەی رۆژهەڵات و عێراقێکی یەك پارچەی ناوێت. بەپێی زۆرێك لە پێشهات و رووداوەکانیش، دەسەڵاتدارانی ئەمریکا هێندە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی لەگەڵ کورد و هەرێمی کوردستان دەگونجێت هێندە ئامانجەکانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق تێك ناکەوتەوە. لەگەڵ ئەو تێگەیشتن و بۆچوونانەشدا بۆ عێراق، بەڵام هێشتا گومان هەیە کە عێراق بەرە و دابەشبوون نەچێت و ئەمریکایەکان بۆ درێژکردنەوەی کات ئەو جۆرە پرۆژانە تەرح دەکەن. عێراقیەکانیش هەمیشە لە چاوەنوارِی گۆدۆیەکدان کە عێراق بە یەکچارچەیی بهێڵێتەوە.

تێبینی: ئەم بابەتە لە گۆشەی " دەنگ " ی ژمارە 308 ی رۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوبۆتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
8-10-2007 1:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

dlzarhessen@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.